لە بڵاوكراوەكانى
يەكێتى مافپەروەرانى كوردستان

# بنەماكانى توێژينەوەی زانستی

ئامادەكردنى
پ.ى.د. كمال سعدى مصطفى

له بڵاوکراوەکانی یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان

# بنەماکانی توێژینەوەی زانستی

ئامادەکردنی
پ.ی.د.کمال سعدی مصطفی

ناوی کتێب: بنەماکانی توێژینەوەی زانستی

نووسەر: پ.ی.د.کمال سعدی مصطفی

نەخشەسازی بەرگ: عوسمان پیرداود

چاپی یەکەم: هەولێر_٢٠٠٩

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێپشەكی | ٥ |
| دەسپێك | ٧ |
| گیروگرفتەكانی پێش نووسین | ١٠ |
| گۆڕینی بابەت | ١٦ |
| كۆكردنەوەی كەرەستەكانی تۆژینەوە | ١٧ |
| خوێندنەوەی سەرچاوەكان | ١٨ |
| ئامادەكردنی فۆرمی ڕاپرسی | ٢١ |
| چۆنێتی ئامادەكردنی فۆرمی ڕاپرسی | ٢٤ |
| كۆكردنەوەی ئامارەكان | ٣١ |
| چاوپێكەوتن | ٣٢ |
| نووسینەوەی زانیاریو سەرچاوەكان | ٣٤ |
| چۆنێتی ئاماژەكردن بۆ پەراوێزەكان | ٤١ |
| سەرچاوەكان | ٤٧ |
| ژیاننامەی دانەر | ٤٨ |

## پێشەکی

لە بنەڕەتدا ئەم کتێبە بریتیە لە کۆمەڵێك وانە کە بە قوتابیانی خوێندنی باڵا، ماستەر لە بەشی کوردی لە پسپۆری ئەدەب بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨/٢٠٠٩ وتومەتەوە. بۆ ئەم مەبەستە گەڕامەوە بۆ چەند سەرچاوەیەکی گرینگ لە ڕێبازەکانی توێژینەوەو بنەماکانی توێژینەوەی زانستی کە لە لیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەم پێیان داوەو زۆر بە سوودن بۆ توێژەرو قوتابیانی خوێندنی باڵا لە بوارە جیاجیاکانی زانستەکانی پەروەردەی مرۆڤایەتی وەك زانستەکانی یاساو ڕامیاریو ئەدەبو زمانی کوردی ..هتد.

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، هەر بۆیە نووسیومە ئامادەکردن چونکە ئەم بەرهەمە دانان نیە بەڵکە ئامادەکردنە چونکە زیاتر تێکستەکانم لە سەرچاوەکان بە تەعبیری خۆم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی وە بۆ ئەوەی مافی دانەرەکان پارێزراو بێت بۆیە بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیەم بە پێویست زانی.

لەبەر ئەوەی بابەتێك بە ناوی ڕێگاکانی توێژینەوەی زانستی لە کۆلێژی یاساو ڕامیاری هەروەها لە کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکانو زۆربەی کۆلێژە مرۆڤایەتیەکانی تریش لە زانکۆکانی کوردستان دەخوێندرێ، وە لەبەر ئەوەی قوتابیانی کوردستان بە زۆری

خوێندنیان لـه قۆناغـەکانی پـێش زانکۆ بـە زمـانی کوردییـەو لـە زمـانی عەرەبی لاوازن بۆیە ئامادەکردنی ئەم کتابەم بە زمـانی شـیرینی کـوردی بـە پێویـست زانـی. هـەر لـەم ڕوانگەیـەوە بۆئـەوەی ناوەڕۆکەکـەی زۆر جیاوازی لەگەڵ کتێبە مەنهەجیەکان نەبێت بۆیە زیاتر خۆم پابەندی ئـەو موفرەداتانە کرد کە لەو کتابانەدا هاتوون.

لـە کۆتاییـدا دەمـەوێ ئامـاژە بـە هـەوڵو تەقـەلای قوتابیـانی خوێنـدنی بـالا سـاڵی خوێنـدنی ٢٠٠٨/٢٠٠٩لـە بەشـی کـوردی کۆلێـژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتیـەکان بکـەم لـە دەولەمەنـدکردنی فـۆرمی ڕاپرسییەکان بە ڕاوسەرنجو تێبیەکان کە لە کـاتی وانـە وتنـەوەدا تیایـدا بەشدار بوون.

## دەسپێك:

مەبەستمان لە بنەماكانی توێژینەوە، توێژینەوەی زانستیە . جا بۆیە بەر لەوەی باسی بنەماكانی توێژینەوە بكەین بە باشی دەزانین لە خوارەوە پێناسەی توێژینەوەی زانستی بكەین یا باشتر وایە بەناوی توێژینەوەی زانستی ناوزەدی بكەین.

توێژینەوەی زانستی بە مانای گەڕانێكی ورد دێت بە مەبەستی دۆزینەوە و ئاشكرا كردنی ڕاستیەكان و بنەما گشتیەكان كە دەكرێ لە داهاتوودا لێیان بكۆڵدرێتەوە .

جا بۆ ئەوەی لێكۆڵینەوەیەكی دیاریكراو بە توێژینەوەیەكی زانستی تەواو دابنێین ، دەبێ ئەم ڕەگەزانەی خوارەوە لە خۆی بگرێت :

١- دەبێ گرفتێك لە ئارادا بێت و پێویستی بە چارەسەر بێت .

٢- دەبێ هەندێ بەڵگەی وا هەبێت ئەم ڕاستیانەی لەخۆ گرتبێت كە

تایبەتن بە سەلماندنی ئەو گرفتە وە لەوانەشە ئەو بەڵگانە بیروڕای شارەزایانیشی لە خۆی گرتبێت .

٣- شێکردنەوەیەکی ووردی بەڵگەکان و پۆلێن کردنیان ... بۆ نموونە دەکرێ بەڵگەکە لە چوارچێوەیەکی مەنتقی دابنرێ و بەسەر گرفتەکەدا بچەسپێندرێ.

٤- بەکارهێنانی ئەقڵ و مەنتق لە دانانی بەڵگەدا بۆ سەلماندنی ڕاستیەکان کە ڕەنگ بێت بمانگەیەنێتە ڕێگە چارەی گرفتەکە .

٥- چارەسەرێکی دیاریکراو ... ئەمەش وەڵامی ئەو پرسیارە یان گرفتە دەبێت کە ڕوو بە ڕووی توێژەر بۆتەوە.

توێژینەوەی زانستی تەواو ، دەبێ دەرەنجامەکانی بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەسەر ڕاستیەکان بینا کرا بێت ، دەشکرێ وێرای ئەم ڕاستیانە سوود لە بیرو ڕای شارەزایان وەربگرێت بۆ دەوڵەمەند کردن و جەخت کردنەوە لەسەر ئەم ڕاستیانە بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئەم بیرو ڕایانە جێگای ڕاستیەکان ناگرنەوە .

دوای ئەوەی توێژەر لە ڕاستیەکان دڵنیا دەبێت ، هەڵدەستێ بە دەستنیشان کردن و گەڕان بە دوای ئەو ئاکامانەی کە بە هەموو ڕێگاکانی مومکین پێی دەگات ... جا پرسیارێك ئاراستەی خۆی دەکاتەوە ... ئایا ئەو چارە سەرەی پێی گەیشتووم کۆکە لەگەڵ هەموو ئەو ڕاستیانەی کە هەن ؟ ئایا ڕاستیەکان ڕوون و ئاشکرا و کافین بۆ جەختکردنەوە لەو ئاکامەی کە پێی گەیشتوم ؟ وە ئایا ئەو ڕاستیانەم

بە ئەمانەت بەکارهێناوە ؟

جێگای باسەنابێ توێژەر لەو باوەڕە دابێ کە کارەکەی ئەنجام داوە کاتێك هەڵدەستێ بە تۆمار کردنی بیرو رای کۆمەڵێك شارەزا لە بارەی بابەتێکی دیاریکراوەوە و دواتر ئەویش گوزارشت لە بیروڕای خۆی بکات ... چونکە کاتێك ئێمە بیرو رای کەسانێکی شارەزا لەسەر بابەتێك دەزانین ئەمە شتێکی چاکە بەڵام چارەسەری هیچ گرفتێکی زانستیمان بۆ ناکات ، بەڵکو چارەسەری گرفتە زانستیەکان تەنها لە رێگای زانستیەوە دەبێت ، ئەویش لە رێگەی کۆکردنەوە و هەڵسەنگاندن و پێوانەی بەڵگەی ڕاستەقینەوە دەبێت .

شایەنی ئاماژە بۆکردنە ، بە شێوەیەکی گشتی ئارەزووی توێژینەوە لای توێژەر وەك تواناکانی مێشە هەنگوین وایە ، مێشە هەنگوین لەسەر گوڵ و گوڵزار دەنیشێت هەروەکو چۆن باڵندەو زیندەوەرەکانیش لەسەری دەنیشن ، بەڵام تەنها مێشە هەنگوین لە شیلەی ئەو گوڵانە هەنگوینێکی شیرین و خۆش دروست دەکات ، جا پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا تۆی قوتابیش دەتوانی شتێکمان لە ئاکامی خوێندنەوەی ئەو هەموو کتێب و سەرچاوە زانیاریانە پێشکەش بکەیت ، ئەگەر توانیت ئەوا تۆ شایەنی ئەوەی بێیتە نێو دونیای توێژینەوە ، وە ئەگەر نەشت توانی ئەوا تۆ وەکو مێشە هەنگوین نیت و نابیتە توێژەریش ، بەڵکو تۆ خوێنەریت و وەکو خوێنەرەکانی تر ڕەنگە تەنها بۆ خۆت سوود لە خوێندنەوە وەربگریت .

## یەکەم : گیروگرفتەکانی پێش نووسین

دەتوانین بلێین گرفتەکانی پێش نووسین خۆی لەم خالانەی خوارەوە دبینێتەوە:

**١- مامۆستای سەرپەرشتیار :**

هەرچەندە کۆلێژ مامۆستای سەرپەرشتیار دەستنیشان دەکات ، بەلام پەیوەندی لە نێوان قوتابی و مامۆستای سەرپەرشتیار ، بەر لە دەستنیشانکردنی سەرپەرشتیار، لە لایەن کۆلێژەوە دەست پێ دەکات بۆیە ڕۆلی کۆلێژ دانپێنانە بە واقعی ئەو پەیوەندیە کە پێشتر دروست بووە .

مەرجە سەرپەرشتیار پەیوەندی بەو بابەتەوە هەبێت کە قوتابی لەسەری دەنووسێت و دەبی تیایدا پسپۆر بێت هەروەها پلە زانستیەکەی ڕێگەی پێ بدات بەو کارە هەستێ .

بەلام دەستنیشانکردنی بابەتی توێژینەوەکە کێشەی قوتابیەکە خۆیەتی، بەلام وێرای ئەمەش لاری نیە ئەگەر بێت و مامۆستای سەرپەرشتیار ئاراستەی بکات و پێشنیاری بۆ بکات تا بتوانێ بابەتەکەی

هەڵبژێرێ.

وە لەو کاتەوە کە لەسەر بابەتی توێژینەوەکە ڕێك دەکەون ، دەبێ قوتابی بەردەوام بێت لە پەیوەندیکردن بە سەرپەرشتیارەکەی و دەبێ مامۆستای سەرپەرشتیار ئاگاداری گشت هەنگاوەکانی بێت بۆ ئەوەی بە تەواوەتی بەو پێشکەوتنانەی قوتابی بزانێت لەم بوارەدا .

لەم ڕووەوە تەنها زانکۆکان لێك جیاواز نین بەڵکو تەنانەت سەرپەرشتیارەکانیش لە زانکۆیەکدا لە نێوان خۆیاندا لێك جیاوازن بەڵکو جاری وا هەیە تەنانەت لە کۆلێژێکیشدا سەرپەرشتیارەکان لێك جیاوازن ... بۆ نموونە هەندێ سەرپەرشتیار هەن لە خشتەی حەفتانەیاندا ڕۆژێکیا بۆ پەیوەندی کردن بە قوتابیەکانیان تەرخانکردووە وە ماوەی ئەم دیدارەش بە پێی ئەو بابەتە دەگۆڕێ کە قوتابی دەیخاتە بەردەم مامۆستا سەرپەرشتیارەکەی .جا ئەو قوتابیەی کە لە کاتێك بۆ کاتێکی تر و بە ڕێك و پێکی پەیوەندی بە سەرپەرشتیارەکەی دەکات سوودێکی زۆر لە پسپۆری و شارەزایی و ڕاسپاردەکاتی مامۆستاکەی وەردەگرێت و زوو دەرك بەو هەڵەیە دەکات کە لە نووسینەوەی بابەتەکەی کردوویەتی و دەتوانێ بە زوویی بەسەریان دا زاڵ بێت و چاکیان بکاتەوە ، وە ئەمەش وا دەکات سەرپەرشتیاریش مورتاح بێت و لە کۆتاییشدا پێویستی بە هیچ نەبێت تەنها خوێندنەوەیەکی خێرای توێژینەوەکە و پێشکەشکردنی هەندێ ڕاو سەرنجی کەم نەبێت، چونکە ئاگاداری وردەکاری نووسینەکەیە و پێشتر هەمووی کەوتۆتە بەرچاوی و ئەوەی

پێویست بووە لە ڕەخنەو ڕاو سەرنج پێشکەشی قوتابی کردووە .

شـایەنی ئامـاژە بۆکردنـە ، قوتـابی تـەنها لـە توێژینــەوە زانـستیەکەی بەرپرسـیارە و نـابێ قـەت وابـیر بکاتــەوە کـە مامۆسـتا سەرپەرشتیارەکەی لەگەڵیدا بەشدار دەبێ لەو بەرپرسیارێتی یە و نـابێ چاوەڕێی ئەوە لە سەرپەرشتیارەکەی بکات کە بەرگری لێ بکات لە کاتی تـاوتوێکردنی خاڵێـك لـە خاڵـەکانی توێژینەوەکـەی ، چونکە مامۆسـتای سەرپەرشتیار ئیمتحان ناکات بەڵکو تەنها قوتابی اختبار دەکرێ و دەبـێ داکۆکی لە خۆی بکات .

## ٢- هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە :

یـەکێك لـە ئەرکـە هـەرە قورسـەکان کـە ڕوو بـە ڕووی قوتـابی خوێندنی باڵا دەبێتـەوە، هەڵبـژاردنی بابـەتی توێژینەوەیـە . زۆر جار وا ڕێك دەکەوێ قوتابی وا هەست دەکات گشت ئـەو بابەتانـەی نـزیکن لـە پـسپۆری مامۆسـتای سەرپەرشـتیار توێژینـەوەیان تیـادا کـراوە و هـیچ بابەتێك لەبەردەم قوتابی نەماوە خۆی لە قەرە بدات ، بەڵام لـە ڕاسـتیدا وانیە و ڕەنگە مامۆستای سەرپەرشتیار بـە پێچەوانەی قوتابیەکـەی بـیر بکاتەوە دەرك بە چەندین بابەت ببات کە شایەنی ئەوەیە توێژینـەوەی تیا ئەنجام بدرێ و زۆر لایەنی شاراوەی تیا بێت کـە موسـتەحەقی ئەمـە بێـت ، بۆیـە ئامـادە بـوونی قوتـابی لـە وانـەکان و نزیـك بوونـەوەی لـە

مامۆستای سەرپەرشتیار یارمەتی دەدات کە بگاتە ئەم مەبەستە و بە ئاسانی بابەتەکەی دەستنیشان بکات چونکە دەستنیشان کردنی بابەتی توێژینەوە ئەرکی قوتابیە نەك مامۆستا بۆیە مامۆستا رێگە بەخۆی نادات لەجیاتی قوتابی هەڵی بژێرێت بەڵکو دەکرێ لەجیاتی ئەمە هاریکاری بکات و رێگای بۆ ئاسان بکاتەوە و حەتمەن قوتابیش لە ئاکامی دانیشتنەکانی لەگەڵ سەرپەرشتیارەکەی و گفتوگۆ کردن لەگەڵیدا دەگاتە ئەو بابەتانەی کە موستەحەقی لێکۆڵینەوەیەکی فراوانتر و قوڵترن و ئەو کات بابەتێك لەو بابەتانە کە لەگەڵ زروفی خۆی دەگونجێ دەتوانێ هەلی بژێرێ.

جا کە قوتابی گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە بابەتێکی دیاریکراو لەگەڵ ویست و ئارەزووەکەیدا دەگونجێ ، پێویستە بەر لەوەی تۆماری بکات و خۆی پابەندی بکات ئەم چەند پرسیارانەی خوارەوە لەخۆی بکا :-

أ- ئایا ئەو بابەتە ئەوەندە دەهێنێ هەوڵ و تەقەلای خۆی لێ بەکار بێنێ ؟

ب- ئایا دەکرێ نامەیەکی ئەکادیمی لە بابەتێکی وادا بنووسرێتەوە ؟

ج- ئایا لە توانای من دایە خۆم لە قەرەی ئەم کارە بدەم ؟

د- ئایا ئەم بابەتەم بەدڵە و مەیلم بۆی دەچێ ؟

هـ- ئایا هیچ ئیزافەیەکم پێ یە و دەتوانم داهێنانی تیادا بکەم ؟

جا ئەگەر هاتوو وەلامی هەر پرسیارێك لەو پرسیارانە بە (نا) بوو ، پێویستە بە دوای بابەتێکی تردا بگەڕێت و هیچ کاتی خۆی بەفیڕۆ نەدات لە توێژینەوەی بابەتێك کە دەرفەتی سەرکەوتن تییایدا زۆر لاواز بێت .

سەبارەت بە پرسیاری یەکەم کە توێژەر لەخۆی دەکات ، دەتوانین بڵێین هەموو بابەتێك ئەوە ناهێنێ قوتابی توێژینەوەی تیا بکات ، بۆیە دەبێ قوتابی خۆی لە قەرەی بابەتێکی زیندو بدات نەك تەنها بۆ ئەوەی بڕوانامەی ماستەر یان دکتورای تیا وەربگرێ بەڵکو بۆ ئەوەی شانازی بە بڵاو کردنەوەی بکات لە داهاتوودا بۆیە سەرنجی قوتابیان بۆ ئەم بابەتانە ڕادەکێشین کە سوودیان بۆ کۆمەڵ هەیە نەك لە داهاتوودا لەبەر بێ کەڵکی لەسەر ڕەفەی کتێبخانەکانی خۆیاندا تۆزی لەسەر بنیشێت .

هەندێ جاریش وا ڕێك دەکەوێ ئەم بابەتە زۆر بەسوودە بەڵام سەرچاوەکانی لەبەر دەست نین و بەشی نووسینەوەی ماستەر نامەیەك یان تێزی دکتورایەك ناکات بەڵکو تەنها بەشی نووسینەوەی ووتارێك یان توێژینەوەیەکی کورت دەکات کە لە یەکێك لە گۆڤارەکان بڵاو بکرێتەوە .

بەڵام سەبارەت بە پرسیاری سێیەم ، تایبەتە بە بارو دۆخ و توانای قوتابی لە ڕووی ئەو زمانانەی کە دەیزانێ لەگەڵ ئەو کاتەی کە بۆ تەواو کردنی کارەکەی دیاری کردووە لەگەڵ ئەو بڕە پارەیەی کە بۆ

پێداویستیەکانی نامەکەی تەرخانی کردووە.

ئەو قوتابیەی کە لە زمانی خۆی بەو لاوە هیچ زمانێکی زیندوی جیهانی نازانێ، ناتوانێ توێژینەوە لە بابەتێك بکات ئەگەر بە زمانە جیا جیاکانی جیهانی لەسەری نووسرابێت هەروەها ئەگەر توێژینەوەکە پێویستی بە برە پارەیەکی زۆر بێت بۆ ئەنجام دانی، بۆ نموونە پێویستی بە سەردانی دەرەوەی وولات بێت یانیش پێویستی بە ئامادەکردنی فۆرمی استبیان و دابەش کردنی بەسەر ژمارەیەکی زۆری هاوولاتیان بکات لێرە و لەوێ یان سازدانی چاوپێکەوتن لەگەلّ چەند کەسانێك لە شوێنە جیا جیاکانی دوورەوە کە هەر هەموو ئەو کارانە پێویستیان بە برە پارەیەکی زۆر هەیە، جا ئەگەر ئەمە لە توانای دارایی توێژەر بەدەر بوو ، هەروەها ئەو کاتەی کە بۆ تەواو کردنی توێژینەوەکە، ئەگەر پێویستی بە کاتێکی زیاتری کرد لەو کاتەی کە توێژەر بۆ تەواو کردنی توێژینەوەکەی تەرخانی کردووە، بۆ نموونە ئەگەر توێژەر مامۆستا یان کارمەندێکی مۆلّەت پێدراو بێت ، لەو حالّەتانەدا توێژەر باشتر وایە واز لەو بیرۆکەیە بێنێت و بابەتێکی تر هەلّبژێرێت و کە لەگەلّ کاتەکەی و توانا داراییەکەی دەگونجێ.

هەروەها سەبارەت بە پرسیاری چوارەم ، نکۆڵی لەوە ناکرێ کە قوتابی بەلای کەمی دوو سالّ لەگەلّ بابەتەکەیدا دەژی ، بۆیە زۆر گرنگە قوتابی بابەتێکی وا هەلّبژێرێ کە لەگەلّ حەزو ئارەزووەکانی بگونجێ بە چەشنێك ئاوێتەی دلّ و دەروون و خوێنی بێت .

وه سەبارەت بە وەڵامی دوا پرسیار ، پێویستە قوتابی هەمیشە پرسیارێك لەخۆی بكات ، ئایا چ ئیزافە و داهێنانێكی لەم بابەتە هەیە ، بۆیە دەبێ گشت ئەو ووتار و لێكۆڵینەوانە بخوێنێتەوە كە لە بارەی بابەتی ماستەرنامە یان تێزی دكتوراكەی پێشتر نووسراوەتەوە و دەبێ لەم سۆنگەیەدا بەدوای ئەو كون و كەلەبەر و لایەنانە دا بگەرێ كە لە توێژینەوەكانی پێش خۆی هەن و پێویستیان بە چارەسەر هەیە و دەبێ تەركیزیان لەسەر بكات و ئەم كەم و كورتیانە پڕبكاتەوە .

## گۆڕینی بابەت

هەندێجار وارێ دەكەوێت، توێژەر سەرچاوەی تەواوی دەست ناكەوێ بۆ نووسینەوەی نامەكەی، یاخود بۆی دەردەكەوێ كە ئەو بابەتەی كە ئەو بەتەمایە خۆی بۆ ئامادەبكات و بینووسێتەوە بەهەمان شێوەی بیركردنەوەی ئەو لەلایەن توێژەرێكی ترەوە نووسراوەتەوە، یانیش لەخۆی ڕانابینێ بەئاسانی هەندێ سەرچاوەی گرنگی بابەتەكەی

بەدەست بکەوێ بۆیە لەم حاڵەتانەدا واچاکە بابەتەکەی بگۆڕێ بۆئەوەی سوود لە کات وەربگرێتو چیتر کاتی خۆی بەفیڕۆ نەدات.

بۆیە پێویستە توێژەر ناوە ناوە هەمان ئەو پرسیارانەی پێشوو لەخۆی بکاتەوە، ئایا ئەم بابەتە

ئەوەندە دەهێنێ کە هەوڵو تەقەلای خۆی بۆ بخاتە گەڕ؟ یان ئایا لەتوانای دایە بەم کارە هەستێ؟ جا هەرکاتێك وەڵامەکان بەنەرێ بوو، دەبێ بەزووترین کات واز لەو بابەتە بێنێتو بەدوای بابەتێکی تردا بگەڕێت.

## کۆکردنەوەی کەرەستەکانی توێژینەوە

دوای ئەوەی توێژەر بابەتی نامەکەی دەستنیشان دەکات کە لە ئاکامی خوێندنەوەیەکی چڕوپڕی سەرچاوەکاندا پێی گەیبوو، پێ دەنێتە قۆناغێکی تری ئامادەکردنی نامەکەی کە ئەویش قۆناغی کۆکردنەوەی کەرەستەو سەرچاوەکانی توێژینەوەیە هەروەکو لەخوارەوە بەدرێژی باسی لێوە دەکەین:

بەمەبەستی کۆکردنەوەی کەرەستەکانی توێژینەوە، کۆمەڵێك

شێواز هەن، توێژەر یان هەموویان بەجارێکدەگرێتەبەر بۆ ئامادەکردنی توێژینەوەیەك یاخود هەندێکیان دەگرێتەبەر بەپێی پێویستو سروشتی توێژینەوەکەی.ئەم شێوازانەش ئەمانەی خوارەوەن:

**یەکەم: خوێندنەوەی سەرچاوەکان:**

لەو ماوەیەی کە توێژەر سەرقاڵی خۆئامادەکردنە بۆ دەستنیشانکردنی گرفتی توێژینەوەکەی بۆ توێژینەوەیە تیایدا، ئەوا بەو بۆنەیە ئەگەر بەشێوەیەکی مەبدەئیش بێتکۆمەڵێك سەرچاوە لەبارەی ئەو بابەتەی کە نیازی وایە توێژینەوەی تیا ئەنجام بدات دەسنیشان دەکات، بۆیە کۆمەڵێك زانیاری لەبارەی ئەو سەرچاوانە لای خۆی تۆمار دەکاتو خوێندنەوەی هەر سەرچاوەیەکیش لەو سەرچاوانە ڕای دەکێشێت بۆ کۆمەڵێك سەرچاوەی ترو لە ئاکامدا توێژەر لیستێکی دوورو درێژی لەو سەرچاوانە لا دروست دەبێو ئیتر دەست دەکات بە خوێندنەوەی هەر سەرچاوەیەك لەو سەرچاوانە یەك لە دوای یەك، بەڵام واچاکە سەرەتا لە خوێندنەوەی کتابەکانەوە دەست پێ بکات دوایی بچێتەسەر ماستەرنامەو تێزی دکتۆراو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بە چاپکراوو ئیلیکترۆنیەوە.

قوتابی خوێندنی باڵا دەبێ بزانێ چۆن دەخوێنێتەوە، جا هەقیقەتێك هەیە دەبێ هەمیشە لەبەرچاوی خۆی بگرێت، ئەویش ئەوەیە

کە دەبێ زۆر بخوێنێتەوەو چاو بە ژمارەیەکی زۆری کتابو سەرچاوەی جیا جیا بخشێنێتو نابێ هیچ سەرچاوەیەکی بەسوودی بەسەر تێپەڕێت کە نەی خوێندبێتەوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا کارێکی قورسەو لەوانەیە چەند ساڵێکی بوێ، کە لە تاقەتی قوتابیدا نەبێت، جا بۆ زاڵبون بەسەر ئەم گرفتە، دەبێ قوتابی شێوازی خوێندنەوەی خێرا بزانێت بۆ خوێندنەوەی هەندێ کتێب بەو شێوازە.

**بەم شێوەیە خوێندنەوە سێ قۆناغی هەیە:**

**١-قۆناغی خوێندنەوەی خێرا**

ئەمەش بریتیە لە خوێندنەوەی پێڕستی کتابەکان بە شێوەیەکی خێراو بە چاوی پشکنینەوەو توێژەر ئەو شوێنانەلە پێڕست بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ کە لە دوور یان لە نزیکەوە پەیوەندی هەیە بە بابەتی توێژینەکەیەوە.لەم قۆناغەدا ئامانجەکە تەنها دەستنیشانکردنی ئەو شوێنانەیە کە توێژەر دواتر دەیەوێ بیانخوێنێتەوە هەروەها ئامانجەکە دەستنیشانکردنی ئەو کتابەیە لە میانی خوێندنەوەیەکی خێرای پێڕستی ئەو کتابە.

**٢-قۆناغی خوێندنەوەی ئاسایی**

لەم قۆناغەدا قوتابی ئەو بابەتەی کە دەستنیشانی کردبوون

دەیانخوێنێتەوەو هەندێ کۆپلەی لێ دەسنیشان دەکات کە پەیوەندیان بە بابەتی توێژینەوەکەی هەیە.

**٣–قۆناغی خوێندنەوەی قووڵ**

هەندێ کتابو سەرچاوەی نایاب هەن پەیوەندیەکی بەهێزو پتەویان بە بابەتی توێژینەوەی قوتابی هەیە بۆیە دەبێ قوتابی بە وردیو بە قوڵی بیانخوێنێتەوەو سوودیان لێ وەربگرێت بۆ گەڵاڵەکردنی بیرۆکەکەیو پێشخستنیو لەگەڵیان بژیێتو ئەو کۆپلانەش کە بەسوودن بۆ توێژینەوەکەی، دەبێ لێیان وەرگرێت.

جا خوێندنەوەی بەسوود کۆمەڵێك مەرجی هەن کە لەخوارەوە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

**١–خوێندنەوەیەکی قووڵ بە تێگەیشتنەوە لە بیروڕای دانەرەکان.**

**٢–خوێندنەوەیەك بەگیانی ڕەخنەو بە چاوێکی پشکنینو وردبینانە.**

٣–تەرکیزکردن لەسەر ئەو بەشانەی کە لە نزیکەوە یان لە دوورەوە پەیوەندیان بە بابەتی توێژینەوەکە هەیەو خۆدوورخستنەوەو کات بەفیڕۆ نەدان لە خوێندنەوەی ئەو بەشانەی کە پەیوەندیان بە بابەتی توێژینەوەکە نیە.

٤–خوێندنەوەی بیروڕای دانەرەکان لە بەرهەمەکانیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەك لە چاپکراوی کەسانی ترەوە، جا ئەگەر توێژەر بۆی دەرکەوت دانەرێك بیروڕایەکی دیاریکراوی لەبارەی بابەتێکی دیاریکراوی

توێژینەوەکەی ئەوەوە هەیە، دەبێ لە کتێبخانەکاندا بە دوای بەرهەمو چاپکراوی ئەو دانەرەدا بگەڕێ تا دەیدۆزێتەوە.

٥-هەموو ئەو بیرۆکەو بڕگانەی توێژەر دەیانخوێنێتەوە کە سوودیان بۆ توێژینەوەکەی هەبێ، دەبێ لە بیتاقەیەکی بچوك بیان نووسێتەوەو ئاماژەش بە سەرچاوەکانیان بکات.

**دووەم: ئامادەکردنی فۆرمی ڕاپرسی (استمارە استبیان)**

فۆرمی ڕپرسی بریتیە لە فۆرمێك کە ژمارەیەکی ئەوتۆی لا چاپ دەکرێ بە گوێرەی ژمارەی ئەوکەسانەی کە نیاز وایە توێژینەوەکە بیانگرێتەوەو کۆمەڵێك پرسیار لەخۆی دەگرێو دەیاندرێتێ کە بە ڕونو ئاشکراو بەوپەڕی ئازادی وەڵامیان بدەنەوە بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی خۆیان بدەن.

کۆمەڵێك زانیاری پێویست هەن دەبێ لە فۆرمی ڕاپرسیدا ئاماژەیان پێ بکرێ کە ئەمانەی خوارەوەن:

١- لەوانەیە توێژەر دەرفەتی ئەوەی هەبێ بەئاسانی لە هەندێ سەرچاوەیتر بێ لە ڕاپرسی ئەو زانیارییانەی دەیەوێ دەستی بکەوێت، بۆیە دەبێ خۆی لەو پرسیارانە دوور بخاتەوە کە پەیوەستن بەو

زانیارانەوە.

٢- دەبێ توێژەر خۆی دوور بخاتەوە لە دانانی پرسیاری ناڕوونو نائاشکراو پابەندی ڕوونیو وردی بێت لە داڕشتنی پرسیارەکانیدا.

٣- دەبێ بە نەرمو نیانی ڕووبەڕووی ئەو کەسانە بێتەوە کە نیازی وایە فۆرمی پرسیاریان بداتێو هانیان بدات بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی بە جۆشو خرۆشو بەوپەڕی ئازادییەوە.

٤- دەبێ خۆی دووربخاتەوە لەو پرسیارانەی کە ئیحا ئەدەن بەو کەسانەی کە ڕاپرسیەکە دەیانگرێتەوە بۆ وەڵام دانەوەیەکی دیاریکراو.

٥- خۆدوورخستنەوە لە پرسیاری دوورو درێژ کە دەبێتە مایەی مەلەلکردنو ماندوکردنی ئەوکەسانەی ڕاپرسیەکە دەیانگرێتەوە لە وەڵامدانەوەیان.

٦- دەبێ ڕیزبەندکردنی پرسیارەکان بەشێوەیەکی مەنتیقیو مەعقول بێت.

**شێوازی ڕاپرسی کۆمەڵێك خەوشی هەیە کە ئەمانەی خوارەوەن:**

١- لەوانەیە ئەو فۆرمانەی کە دەگەڕێندرێنەوە بۆ توێژەر ڕێژەیان کەم بێتو گشت ئەو چینو توێژانە نەنوێنێ کە توێژینەوەکە دەیانگرێتەوە، بۆیە دەبێ ئەوکەسانەی توێژینەوەکە دەیانگرێتەوە بەسەربکرێنەوەو هان بدرێن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بەخێراییو هەروەها گەڕاندنەوەی فۆرمەکان بۆ توێژەر لەکاتی

دیاریکراوی خۆیدا.

٢- ئەوکەسانەی توێژینەوەکە دەیانگرێتەوە لە بیروڕاو لێکدانەوەیاندا لەبارەی یەك بابەت لێك جیاوازن چونکە هەرکەسێك لەوکەسانە لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە تەماشای بابەتەکە دەکات.

٣- پرسیارەکان بەشێوەیەکی کۆتایی وەردەگیرێت بەچەشنێك ناکرێ لەگەڵ ئەوکەسەی کە وەڵامی داوەتەوە تاوتوێ بکرێ‌و لایەنە لێڵەکانیشی ڕوون بکرێتەوە لە حاڵەتێکدا ئەگەرهاتوو ئەوکەسە ناووناونیشانی خۆی نەنووسیبێتەوە.

**وێڕای ئەو خەوشانە ڕاپرسی کۆمەڵێك سوودی هەیە کە ئەمانەی خوارەوەن:**

١- ڕاپرسی سوودێکی زۆری دەبێ، ئەگەرهاتوو ئەوکەسانەی کە توێژینەوە دەیانگرێتەوە پەرت‌و بڵاوبن لە زۆر شوێنی جیا جیا بە چەشنێك چاوپێکەون لەگەڵیاندا ئاسان نەبێت، لەم حاڵەتەشدا فۆرمەکانیان بەپۆستە یان بە ئیمێل بۆ دەنێردرێت بۆئەوەی دوای وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانەی تیایاندا هاتووە هەر لە ڕێگەی پۆستە یان ئیمێل بۆ توێژەر بنێردرێنەوە.

٢- ڕاپرسی دەرفەتێکی باش بەوکەسانە دەبەخشێ کە توێژینەوەکە دەیانگرێتەوە تاکو بەرلە وەڵام دانەوە بە تەواوەتی لە پرسیارەکان وردبنەوەو بیربکەنەوە بەچەشنێك وەڵامی پرسیارەکان ورد

دەبێتو گوزارشتیش لە پرسیارەکان دەکات.

٣- فۆرمی ڕاپرسی وادەکات کە ئەوکەسانەی توێژینەوەکە دەیانگرێتەوە زۆر بە ڕاشکاوانەو بێ دڵ لە دڵدانو بەبێ موجامەلەکردن گوزارشت لە ڕای خۆیان بکەن، چونکە ئەوکەسانە ناوونیشانی خۆیان لەسەر فۆرمی ڕاپرسیەکە بەدەرناخەن بە پێچەوانەی چاوپێکەوتن کە ڕنگ بێت لە هەندێ حاڵەتدا ئەوکەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ سازئەدرێ دودڵ بێت لە گوزارشتکردن لە ڕای خۆی لەبەر ئیحراج بوون یان لەبەر موجامەلەکردن.

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، شێوازی ڕاپرسی بۆ دیراساتی مەیدانی دەگرترێتەبەر.

## چۆنێتی ئامادەکردنی فۆرمی ڕاپرسی

١- دیارکردنی ئەو زانیاریانەی کە پێویستە لە توێژینەوەکە ئاماژەیان پێ بدرێت،واتە دەبێ دیزاینی فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەیەکی ئەوتۆ بێت کە گشت خاڵە سەرەکیو ناسەرەکی توێژینەوە مەیدانیەکە لەخۆی بگرێت کە بابەتی توێژینەوەکە دەیانخوازێت.

٢- دارشتنو ڕیزبەندکردنی پرسیارەکانو دیارکردنی شێوەیان، دەکرێ پرسیارەکانیش موقەیەدنەبنو بۆ گوزارشتکردن لە ناخو هەستی خۆیان ئەوپەڕی ئازادی بەوکەسانە بدرێ کە ئاراستەیان

دەکرێ بۆ وەڵام دانەوەیان بەشێوەیەکی تلقائی. وە دەشکرێ پرسیارەکان موقەیەدبن یان دیاریکراوبن ئەویش بەوشێوەیە دەبێت کە تیایدا توێژەر ئەوکەسانە پابەند بکات وەڵام دانەوەیانبە سیغەی (بەڵێ) یا(نا) یان (لەگەڵیدام) یان (نازانم).

٣- تاقیکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی بەر لە دابەشکردنی بەسەر ئەوکەسانەی کە ڕاپرسیەکە دەیانگرێتەوە. واتە دەبێ فۆرمەکە تاقی بکرێتەوە ئایا پرسیارەکان وردن یان نا، وە ئا یا ڕوونو ئاشکران یان لێڵنو پێویستیان بە ڕوونکردنەوەو گۆڕانکاری هەیە.

٤- دەبێ فۆرمی ڕاپرسیەکە تەنسیقیان هەبێت لەگەڵ یەکتریدا، بۆ ئەم مەبەستەش ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکرێ:

أ_ دەبێ جۆری کاغەزەکە باش بێت بەچەشنێك بکرێ بە قەڵەم جاف یان بە مەرەکەب لەسەری بنووسرێتو دەستاودەستیشی پێ بکرێت بەبێ ئەوەی بدڕێ یان تێك بچێت.

ب_ دەبێ لەسەر یەك ڕووی فۆرمەکە بنووسرێ بۆئەوەی بە ئاسانی بخوێندرێتەوە.

ج_ دەبێ لەنێوان پرسیارەکاندا بۆشایی بەجێ بهێشترێت.

د_ ئەگەر ژمارەی فۆرمەکان زۆربێت، باشتروایە لە شێوەی نامیلکەیەك ئامادە بکرێ.

(نموونەی هەندێ فۆرمی ڕاپرسی)

**فۆرمی ڕاپرسی ژمارە (١)**

| | بەڵێ | نەخێر | کۆ |
|---|---|---|---|
| ئایا لەناوی خۆت ڕازی | | | |
| ڕێژەی سەدی | | | |

| | ناوەکەم کوردی نیە | ناوەکەم کۆنە | حەزم لە ناوی ئایینیە | حەزم لە ناوی بیانیە | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| هۆی چیە لە ناوەکەت ناڕازی | | | | | |
| ڕێژەی سەدی | | | | | |

| | بەڵێ | نەخێر | کۆ |
|---|---|---|---|
| نیازی گۆڕینت هەیە | | | |
| ڕێژەی سەدی | | | |

| | کوردی | ئایینی | بیانی | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| دەتەوێ ناوەکەت بکەیت بەچی | | | | |
| ڕێژەی سەدی | | | | |

**فۆرمی ڕاپرسی ژمارە (٢)**

**بژێوی ژن لەنێوان یاساو جێبەجێکردندا**

١- ئایا دادگا بایەخێکی تایبەتی بە دەعوای بژێوی ژن دەدات بە بەراوردکردن لەگەڵ دەعوایەکانیتر. ئا نا .

٢- ئایا دادخواز داواکەری بژێو ئاسوودەیی ڕازیە لە دەعوای بژێو لەڕووی شێوازو لەڕووی ئەو ماوەیەی کە دادگاییەکە پێی دەچێ؟ ئا نا .

٣- ئایا دادوەر لەکاتی بڕیاردان لەسەر بژێوی ژن لە زروفی دادخوازی لە داواکاری بژێو دەکۆڵێتەوە لە ڕووی کۆمەڵایەتیو ئابوورییەوە؟ ئا نا .

٤- ئایا دادوەر لەکاتی بڕیاردان لەسەر بژێوی ژن لە زروفی داوالەسەر تۆمارکراو دەکۆڵێتەوە لە ڕووی کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییەوە؟ ئا نا.

٥- ئا ئاگادارکردنەوەی مەحکوم عەلەیهی بە بڕیاری سەپاندنی بژێو بەشێوەیەکی بزر( غیابی) بەشێوەیەکی ئاسان جێبەجێ دەبێ؟ ئا نا .

٦_ ئایا هەموارکردنەکانی ئەم دواییەی یاسای باری کەسایەتی تایبەت بە بژێوی ژن کە پێگەیێکی باشتری بۆ ژن دابین کردوە؟ ئا نا.

٧- ئایا دانانی پارێزەر وەك بریکارێك لە دەعواکانی باری کەسایەتی، بەشداری دەکات لە یەکلاکردنەوەی دەعواکان؟ ئا نا ؟

٨- ئایا ئەو ئافرەتەی کە داوای بژێوی کردووە ڕازیە بە بڕی ئەو بژێوە کە لەلایەن دادگاوە بۆی بڕاوەتەوە؟ ئا نا.

٩- ئایا ئەو کۆسپانە چین کە ڕوو بە ڕووی دادگا دەبنەوە لە دەعوای بژێوی ژن؟ ئا نا.

١٠- پێشنیارتان چیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانە؟

١١- ئایا هیچ تێبینی‌و پێشنیارتان هەیە کە ئاکامی باشتری لێ بکەوێتەوە؟

**فۆرمی ڕاپرسی ژماره (٣)**

**هزری نەتەوایەتی لە هۆنراوەکانی حاجی قادری کۆییدا**

نیشانەی ڕاست ( ) بەرامبەر هەرپرسیارێك دابنێ کە بە ڕاستی دەزانیت:

أ- ڕەگەز: نێر ( ) مێ ( )

ب- پیشە:

١- ئایا پیشتر هۆنراوەکانی حاجی قادری کۆییت خوێندۆتەوە؟

بەڵێ ( ) نەخێر ( ) تاڕادەیەك ( )

٢- ئایا شاعیرانی کورد پێش حاجی قادری کۆیی توانیویانە هزری نەتەوایەتی لە هۆنراوەکانیان بەرجەستە بکەن؟

بەڵێ ( ) نەخێر ( ) تاڕادەیەك ( )

٣- ئایا هزری نەتەوایەتی بۆتە ڕەهەندێکی بنەڕەتی لە هۆنراوەکانی حاجی قادری کۆییدا؟

بەڵێ ( ) نەخێر ( ) تاڕادەیەك ( )

٤- ئایا هزری نەتەوایەتی لە هۆنراوەکانی حاجی قادری کۆیی کاریگەری لەسەر هەستی مرۆڤی کورد کردووە؟

بەڵێ ( ) نەخێر ( ) تاڕادەیەك ( )

٥- ئایا هزری نەتەوایەتی لە هۆنراوەکانی حاجی قادری کۆیی کاریگەری نێگەتیڤی کردۆتەسەر لایەنە هونەریەکەی؟

بەڵێ (  ) نەخێر (  ) تاڕادەیەك (  )

٦- ئایا دەتوانین حاجی قادری کۆیی بە درێژەپێدەری بیری نەتەوەیی ئەحمەدی خانی دابنێین؟

بەڵێ (  ) نەخێر (  ) تاڕادەیەك (  )

٧- ئایا هۆنراوەکانی حاجی قادری کۆیی هاوشانی شۆڕشە یەك لەدوایەکەکانی کورد بووە لە مەیدانی خەباتدا؟

بەڵێ (  ) نەخێر (  ) تاڕادەیەك (  )

٨- ئایا هیچ شاعیری هاوچەرخی کورد توانیویەتی لەڕووی هزری نەتەوایەتییەوە جێگرەوەی حاجی قادری کۆیی بێت؟

بەڵێ(  ) نەخێر (  ) کێ یە(  ).

٩- ئایا حاجی قادری کۆیی چ کاتێك پەنای بردووە بۆ بەرجەستەکردنی هزری نەتەوایەتی لە هۆنراوەکانیدا ؟

ئەوکاتەی کە لە دەرەوەی کوردستان بووە (  )

ئەوکاتەی کە لە ناوەوەی کوردستان بووە(  )

نازانم (  )

١٠- تا چەند هزری نەتەوایەتی بۆتە هۆی دابەزینی ئاستی هونەری لە هۆنراوەکانی حاجی قادری کۆیی؟

زۆر (  ) کەم (  ) تا ڕادەیەك (  ) هیچ (  )

**سێیەم: کۆکردنەوەی ئامارەکان:**

زۆر ئامارهەن توێژەر دەتوانێ سوودیان لێ وەربگرێت بۆ توێژینەوەکەو بۆ پشگیریکردنی بیروڕاکانی.

ئەمەی خوارەوە نموونەی ئامارە:

ژمارەی مندالآنی لەدایك بوو لە سالآنی (١٩٩٠،١٩٩٥، ٢٠٠٠ لە پارێزگای هەولێر

| ساڵ | ١٩٩٠ | | ١٩٩٥ | | ٢٠٠٠ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جۆری ناو | ژ | ٪ | ژ | ٪ | ژ | ٪ |
| ناوی کوردی | ١٠٤٨ | ١٣،٦٣ | ٧١٣ | ٢٢،٥٥ | ٨١٧ | ٣٦،٣١ |
| ناوی بیانی | ٦١٢ | ٨٦،٣٦ | ٥٧٨ | ٧٧،٤٤ | ١٧٨٨ | ٦٣،٦٨ |
| کۆی گشتی | ١٦٦٠ | ١٠٠٪ | ١٢٩١ | ١٠٠٪ | ٢٦٠٥ | ١٠٠٪ |

**چوارەم: چاوپێکەوتن:**

چاوپێکەوتن بریتیە لە ڕاپرسییەکی زارەکی، لەجیاتی چاپکردنی فۆرمی ڕاپرسیو ئاراستەکردنی پرسیارەکان بەشێوەیەکی چاپکراو بۆ ئەو کەسانەی کە ڕاپرسیەکە دەیانگرێتەوە، توێژەر پرسیارەکان ڕاستەوخۆ بە زارەکی ئاراستەی ئەو کەسانە دەکات.

دەبێ ئەوکەسەی چاوپێکەوتن دەکات شارەزاییو قابلیەتێکی تایبەتی هەبێت، چونکە چاوپێکەوتن تەنها بریتی نیە لە دانیشتنو چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسی پەیوەندیدار، بەڵکو پێویستی بە پلانێکی دارێژراو هەیە بۆ چۆنێتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکە هەروەها ئامادەکردنی ئەو پرسیارانەی کە نیازوایە لە چاوپێکەوتنەکەدا بوروژێندرێت لەگەڵ وەرگرتنی ڕەزامەندی پێشینە لەسەر ئەو مەوعیدەی کە بۆ ئەم مەبەستە لەسەری ڕێك کەوتوون بۆئەوەی ئەو کەسەی کە نیازوایە چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەنجام بدرێ خۆی تەرخان بکات بۆ ئەو دیمانەیەو سەرقاڵی شتی تر نەبێت.

پێویستە توێژەر سەرەتا باسی ئامانجەکەی لەو توێژینەوەیە بکات و ڕونیشی بکاتەوە، لەگەڵ ئەو زانیاریانەی کە دەیەوێ بیانزانێتو ئاشنایان بێت، هەر بۆیە توێژەر پێویستە چەندی بتوانێ سیقەو متمانەی ئەوکەسە بۆخۆی وەرگرێ کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ سازدەدا هێندە کارەکەی ئاسانتر دەبێت، هەروەها دەبێ پرسیارەکان ڕوونو ئاشکرابنو بە شێوازێکی باش دارێژرابن، بۆیە دەبێ زۆر بە ئەمانەت و

زۆر بە ووردی دیمانەکە تۆمار بکرێت.

چاوپێکەوتن شێوازێکە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکانو کەرەستەکانی توێژینەوە لەپاڵ شێوازەکانی تری کۆکردنەوەی زانیاریەکانبەلاّم پێویستی بە کاتێکی زۆرو تەقەلاّیەکی زۆر هەیە، چونکە دەبێ توێژەرچەندجارێك سەردانی ئەوکەسانە بکات کە نیازی وایە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجام بدات بەمەبەستی رێکەوتن لەسەر مەوعیدی چاوپێکەوتنەکە، جا لەوانەیە جوهدێکی زۆر بەکاربێنێ بۆ گەیشتن بەو کەسانەو سازدانی چاوپێکوتن لەگەڵیاندا.

لەوانەشە ئەوکەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەنجام ئەدرێ گوزارشت لە بیروڕاکانی خۆی نەکات لەبەر ئیحراج بون یان لەبەر موجامەلەکردنو ڕازیکردنی توێژەر.

**لایەنەباشەکانی چاوپێکەوتن:**

١- چاوپێکەوتن بە نەرمو نیانی لە شێوازەکانیتری کۆکردنەوەی زانیاریەکان جیادەکرێتەوە، ئەوکەسەی چاوپێکوتنەکە ساز ئەدات دەتوانێ ئەو پرسیارانە ڕوون بکاتەوە کە ڕوونو ئاشکرا نین.

٢- لە چاوپێکەوتندا توێژەرونەوکەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ ساز ئەدرێ ڕوبەڕووی یەك دەبنەوە، بۆیە توێژەر دەتوانێ لەو دیاردەیە قووڵ بێتەوە کە نیازی وایە چاوپێکەوتنی لەسەر سازبداتو تێبینی ڕەفتارەکانی ئەو کەسەش بکات کە دیمانەی لەگەڵ دەکات.

٣– له چاوپێکه‌وتندا توێژه‌ر ده‌توانێ هه‌ندێ زانیاری ده‌ست که‌وێت که‌ ره‌نگ بێت زۆر زه‌حمه‌ت بێت به‌ده‌ستی بکه‌وێت ئه‌گه‌ر بێت‌و شێوازێکی تری کۆکردنه‌وه‌ی زانیاری بگرێته‌به‌ر.

٤– له‌ چاوپێکه‌وتندا توێژه‌ر وه‌ڵامی گشت پرسیاره‌کانی به‌بێ که‌موکوڕی وه‌ده‌ست ده‌که‌وێت.

## نووسینه‌وه‌ی زانیاری‌و سرچاوه‌کان

یه‌که‌م: نووسینه‌وه‌ی زانیاریه‌کان

کاتی هه‌ستانی توێژه‌ر به‌ خوێندنه‌وه‌ ئه‌و سه‌رچاوانه‌ی که‌ په‌یوه‌ندیان به‌ وێژینه‌وه‌که‌ی هه‌یه‌ ده‌بێ ئه‌و زانیاری‌و بیروڕایانه‌ی که‌ له‌و سه‌رچاوانه‌دا هه‌ن بیان نووسێته‌وه‌، وه‌ نوسینه‌وه‌ی ئه‌و زانیاریانه‌ش به‌ ڕێگایه‌ك له‌و ڕێگایانه‌ی خواره‌وه‌ ده‌بێت:

١–بیتاقه‌ی توێژینه‌وه‌

شێوه‌ی بیتاقه‌:

توێژه‌ر ده‌ست ده‌کات به‌ دروستکردنی هه‌ندێ بیتاقه‌ له‌ کارتۆنی ئه‌ستوور یانیش له‌ کتێبخانه‌کان ده‌یانکرێت یان داوا له‌ یه‌کێك له‌ چاپخانه‌کان ده‌کات به‌ ڕێژه‌ی هه‌زار بیتاقه‌ یان تۆزێك زیاتر یان که‌متر به‌ ڕووبه‌ری ١٧سم×١٣سمیان یان تۆزێك له‌و ڕووبه‌ره‌ گه‌وره‌تر یان بچوکتر بۆی دروست بکات، به‌ڵام گرینگ ئه‌وه‌یه‌ که‌ ده‌بێ گشت

بیتاقەکان قەوارەیان وەکو یەك بێت وە دەشکرێ بیتاقـەکان خەتـدار بـن یان بێ خەت.

ئەمەی خوارەوە وێنەی بیتاقەیە:

ناوی دانەر:

ناوی دانراو(المصنف):

شوێنی چاپکردن:

شوێنی سەرچاوەکە:

لاپەڕە

شوێنو ساڵی چاپکردن:

**چۆنێتی تۆمارکردنی زانیاریەکان لە بیتاقەدا:**

دەبێ ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێ لە نووسینەوەی زانیاریـەکان لەناو بیتاقەدا:

١–دەبێ بە خەتێکی خـۆشو ڕوونو ئاشـکرا بـە قەڵـەمی مەرەکـەب یان بە قەڵەم جاف زانیاریەکان بنووسرێنەوە.

٢– دەبێ تەنها یەك بیرۆکە لەهەر بیتاقەیەکدا بنووسرێتەوە.

٣– دەبێ بیروڕای دانەرەکان دەقـاودەق وەکـو خـۆی لـە نێـوان دوو کەوانەدا بنووسرێتەوە، بەڵام سەبارەت بە زانیاریەکانی تر دەکرێ

بەگوێرەی گوزارشتی توێژەر خۆی بنووسرێتەوە.

٤-ئەگەر توێژەر لەکاتی نووسینەوەی بیتاقەدا بیروڕا یان بیرۆکەیەکی لاپەیدابوو، باشتروایە لەناو بیتاقەدا تۆماری بکات بەڵام دەبێ تێکەڵی ئەو زانیاریانە نەبێت کە لە سەرچاوەکانی تردا وەرگیراون.

٥- باشتروایە هەموو ئەو زانیاریانەی لە سەرچاوەیەکدا هەن بەجارێك تۆمار بکرێن بۆئەوەی توێژەر جارێکیتر نەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوەیە، واتە توێژەر دەبێ گشت ئەو زانیاریانەی کە بۆ گشت توێژینەوەکەی لە گشت بابو فەسڵەکاندا پێی دەوێن بە جارێك لە کارتەکان تۆماریان بکات.

٦- لە بەشی سەرەوەی بیتاقەدا زانیاری تەواو لەسەر ناوی دانەرو ناونیشانی دانراو(مصنف) و شوێنی چاپکردنو ساڵی چاپکردنو ئەو لاپەڕانەی کە زانیاریەکانی لێ گواستۆتەوە تۆمار بکرێ.

## ڕێکخستنی بیتاقەکان:

بیتاقەکان بەیەکێك لەو دوو شێوازانەی خوارەوە ڕێك دەخرێن:

أ- هەموو ئەو بیتاقانەی کە تایبەتن بە بابێك یان فەسڵێکی ماستەرنامە یان تێزی دکتۆرا دەخرێنە ناو زەرفێکەوەو بە خەتێکی گەورە ناوی ئەو بابە یان ئەو فەسڵەی لەسەر دەنووسرێتەوەو لە شوێنێکی باش هەڵدەگیرێ.

ب- گشت بیتاقەکان دەخرێنە ناو سندووقێکی دارەوە کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە دەکرێ وە واباشترە درێژی سندووقەکە ٦٠سمو پانیەکەی ٢٢سمو بەرزیەکەشی ١٤سم بێتو دەبێ داپۆشراو بێت بۆئەوەی پاکو خاوێنی بیتاقەکان بپارێزێت.

دواتر سندووقەکە بە پارچە معاکسی تەنك لە ناوەوە بەگوێرەی بابو فەسڵەکانی توێژینەوەکە بۆ چەند بەشێك دابەش دەکرێ.

### ١- فایل بۆکس

بریتییە لە فایلبۆکسێك کە لەلایەن توێژەرەوە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکرێتو بەپێی پلانی توێژینەوەکە بۆ چەند بەشێك دابەش دەکرێتو بە کارتۆن یان کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ بەشەکان لە ناوەوە لێك جیا دەکرێنەوە. بۆ نموونە ئەگەر توێژینەوەکە دوو فەسڵ بوو ئەوا لە دوو کارتۆنی ڕەنگاوڕەنگ دەنووسرێ فەسڵی یەکەمو فەسڵی دووەمو یەکێکیان لە پێشەوەی ناواخنی فایلبۆکسەکە دادەندرێتو ئەوی تریش لە ناوەڕاستی دادەندرێتو بەم شێوەیە ئەگەر هەر فەسڵێکیش دابەشکرابێت بۆ دوو باس ئەوا لە چوار کارتۆنی ڕنگی جیاواز لە ڕەنگەکانی پێشوو ناونیشانەکانیان دەنووسرێتەوەو لە نێوان فەسڵەکاندا دا دەندرێن، ئیتر ئەوەیە دواتر توێژەر ئەو زانیاریانەی کە لە سەرچاوەکاندا وەدەستی دێنێت بۆ هەر فەسڵێك و بۆ هەر باسێك لەو شوێنە هەڵی دەگرێت کە بۆی تەرخانکراوە لە ناو فایلبۆکسەکەداو لە

کاتی دەسکردنیش بە نووسینەوەی نامەکەی بەپێی پێویست دەگەڕێتەوە سەریان.

٢- دەفتەر

توێژەر چەند دەفتەرێکی بچووک سی لاپەڕەیی یان شەست لاپەڕەیی تەرخان دەکاتو بەپێی پلانی توێژینەوەکەی دابەشیان دەکاتو لەسەر هەیەکێکیان ناونیشانی فەسڵێکو باسێکی ئەو فەسڵەی لەسەر دەنووسێتەوەو دواتریش زانیارییەکانی تایبەت بەو فەسڵەو بەو باسەی تیا دەنووسێتەوەو لە کاتی دەسکردنیش بە نووسینەوەی نامەکەی بەپێی پێویست دەگەڕێتەوە سەریان.

## قەوارەی فۆنت

دەبێ توێژەر توێژینەوەکەی بەو قەوارانەی خوارەوە چاپ بکات:

مەبەستمان لە قەوارەی خەت لێرەدا قەبارەی پیتەکانە یا فۆنتەکان نەوەك جۆری ئەو فۆنتانەی بەکاردێت بۆنووسینوەی ماستەرنامەکە یاتێزی دکتوراکە لەبەرئەوەی توێژەر ئازادە لەبەکارهێنانی هەرجۆرە فۆنتێك کەبەسانی بتوانرێ بخوێندرێتەوە،وە قەبارەی فۆنتەکانیش باشتر وایە بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

١- فۆنتێکی قەوارە گەورە بۆ نووسینەوەی ناونیشانی ماستەرنامەکە یان تێزی دکتۆرایەکە.

٢- خەتێکی قەوارە بچووکتر لەوەی پێشوو وە گەورەتر لە خەتی

ئاسایی بۆ نووسینەوەی ناونیشانی بابو فەسڵەکانی توێژینەوە کە بەزۆری فۆنتی قەبارە (١٨) وە ناونیشانی باس وبەست ولقەکان(مبحث ،مطلب،فرع)بە فۆنتی قەبارە(١٦) دەبێت هەروەها بۆ ناونیشانی سەرچاوەکانو پێڕستو دەرئەنجامو ڕاسپاردەکان.

٣- خەتێکی قەوارە ئاسایی بۆ نووسینەوەی ناوەڕۆکی نامەکەکە زیاتر وا باوە کە قەبارەی فۆنتەکە (١٤) بێت.

٤- خەتێکی بچووکتر لە خەتی قەوارەی ئاسایی بۆ نووسینەوەی پەروێزەکان لە خوارەوەی نامەکە کە واباشترە قەبارەی فەنتەکە (١٢) بێت.

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، لەکاتی نووسینەوەدا وارێك دەکەوێ هەندێ وشەو زاراوە یان رستە یان بڕگەی توێژینەوەکە شایەنی بایەخپێدانێکی تایبەتی بێت، جا پێویستە یەکێك لەم ڕێگایانەی خوارەوە بگیرێتەبەر بۆ بەدەرخستنی ئەو بایەخە:

أ- جۆری ئەو خەتەی کە بەکارهاتووە بۆ نووسینەوەی ئەو زاراوەیە یان ئەو ڕستە یان ئەو بڕگەیە لە جۆری خەتی ئاساییەوە دەگۆڕدرێت بۆ خەتی ڕەشێکی توخترر(بۆڵد) بۆئەوەی بەشێوەیەکی ڕوونو ئاشکرا دیاربێت.

ب- جۆری ئەو خەتە دەگۆڕدرێت بۆ جۆرێکی تر بۆنموونە ئەگەر ناوەڕۆکی نامەکە بە خەتی ئەلوەند نوسرابێتەوە، ئەو زاراوانە یان ڕستانە یان بڕگانەی کە نیازوایە بەدەربخسترێن و بایەخیان پێ بدرێ

جۆری خەتەکەیان دەگۆڕدرێ بۆ خەتی ڕوقعی یان کووفە هتد.

ت- ئەو زاراوەیە یان ڕستە یان بڕگانەی کە نیازمان وایە بایەخی پێ بدەینو بەدەری بخەین خەتێکی ڕاستی بەژێری دادەکێشین یانیش بە خەتێکی خوار دەینووسینەوە.

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، توێژەرەکان ئەو شتەیان دەسنیشان کردووە کە شایەنی خەت بەژێرهێنانە کە ئەمانەی خوارەوەن.

١- ناوی کتاب و گۆڤار و ڕۆژنامەکان ئەگەر لە ناوەڕۆکی نامەکەدا ئاماژەیان پێ کرابوو، بەلاَم ئەگەر لە پەراوێز ئاماژەیان پێ کرابوو پێویست بە خەت بەژێرهێنان ناکات.

٢- خەت بەژێر ئەو ووشەو زاراوانەدا دەکێشرێت کە توێژەر مەبەستییەتی بەدەریان بخات لەبەر ئەو مانایە گەورانەی کە لە خۆیان گرتووە. بەلاَم دەبێ توێژەر ڕەچاوی ئەوە بکات کە نابێت بۆ هەموو وشەو زاراوەیەك ئەمە پێڕەو بکات مەگەر بە دەگمەن نەبێ.

٣- خەت بەژێر ووشە بیانییەکان دادەهێندرێت کە بە ڕێنووسێکی جیا لە ڕێنووسی خۆیان نووسراوەتەوە بۆ نموونە وشەی پرۆفیسۆر، بەلاَم ئەو ووشە بیانیانەی کە لە دەمێکەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردی یان ئەو زمانانەی کە نامەکەی پێ دەنووسرێتەوەبۆنمونە ووشەی بەکالۆریۆس‌و لیسانس.

**قەوارەی ماستەرنامە یان تێزی دکتۆرا:**

تاکو ئێستا هیچ یاسایەك دانەندراوە بۆ دەسنیشانکردنی قەوارەی ماستەرنامە یان تێزی دکتۆرا. بەلاّم زۆر زانکۆ لە جیهاندا بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە دەریان کردوون بۆ ئەم مەبەستە قەوارەی نامەکانیان دیارکردووە بۆ نموونە لە زانکۆکانی کوردستان بەگشتی قەوارەی ماستەرنامە دیاریکراوە بە دووسەد لاپەڕەو تێزی دکتۆراش بە سێسەد لاپەڕە هەرچەند قەوارەی نامە زانستییەکان جیاوازیان هەیە لەگەلّ قەوارەی نامە ئەدەبییەکان چونکە سروشتی نامەکانی جۆری یەکەم وادەخوازێ کە قەوارەی کەمتر بێت لە قەوارەی جۆری دووەم جابۆیە قەوارەی نامە زانستییەکان زۆرجاران خۆی لە قەوارەی وتارێك یان کورتە توێژینەوەیەك ڕەت ناکات.

## چۆنیتی ئاماژەکردن بۆ پەراوێزەکان

بەیەکێك لەم سێ ڕێگایانەی خوارەوە ئاماژە بە پەراوێزەکان دەکرێ:

١- پەراوێزەکانی هەرلاپەڕەیەك لە لاپەڕەکانی توێژینەوە بەشێوەیەکی سەربەخۆژمارەیان بۆ دائەنرێ، واتە گشت ئەو پەراوێزانەی کە لە

هەریەکێك لەلاپەڕەکانی توێژینەوەدا هاتوون بەشێوەیەکی یەك لە دوای یەك هەژماردەکرێنو بەژمارەی یەك دەست پێ دەکاتو ڕیزبەندەکە بەردەوام دەبێت تا دوا ژمارەی پەراوێزەکان. کەواتە لە لاپەڕەکەی دوای ئەو سەرلەنوێ هەژمارکردنەکە بەشێوەیەکی سەربەخۆو جیاواز لە لاپەڕەی پێشوو دەست پێ دەکرێتەوەو بەو شێوەیە بەردەوام دەبێنو پەراوێزەکانی هەر لاپەڕەیەك بەشێوەی جوداو سەربەخۆ هەژمار دەکرێن.

ئەم ڕێگایەش باشترینو ئاسانترین ڕێگای هەژمارکردنی پەراوێزەکانەو ئاسانکاری دەکات لە گۆڕانکاری و هەموارکردنی ژمارەی پەراوێزەکان بەپێی پێویست، لەوانەیە توێژەر ناچار بێت ڕیزبەندی پەراوێزەکان بگۆڕشێت لەبەر هەرهۆیەك لە هۆیەکان جا ئەمەش ئاسانترىو باشترین ڕێگایە بۆ ئەم مەبەستە.

هەژمارکردنی پەراوێزەکانی هەر فەسڵێك لە فەسڵەکانی توێژینەوە بەشێوەیەکی جیاواز لە فەسڵەکانی تر. دەکرێ پەراوێزەکانی هەر فەسڵێك یەك لە دوای یەك لە کۆتایی فەسڵەکە ڕیزبەند بکرێن بەڵام باشتر وایە پەراوێزەکانی هەر لاپەڕەیەك لەبەشیخوارەوەی لاپەڕەکەدا ڕیزبەند بکرێن.

٣-دەکرێ گشت پەراوێزەکانی توێژینەوەکە یەك لە دوای یەك هەژمار بکرێن، واتە پەراوێزی یەکەم ژمارەی (١) ی بۆ دابنرێو بەم شێوەیە بەردەوام دەبێ تا دوا پەراوێز کە ئەویش دوا ژمارەی بەردەکەوێ.

## حاڵەتەکانی ئاماژەکردن بۆ پەراوێزەکان:

١- ئاماژەکردن بۆ سەرچاوەکان:

توێژەر ئاماژە بەو سەرچاوەیە دەکات کە زانیاریەکانی لا وەرگرتووە بەمەش دان بە هەوڵ و تەقەلای کەسانی تر دەنێت و ڕێگاش لەبەردەم خوێنەران خۆش دەکات بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو سەرچاوانە بۆ دڵنیابوون لێیان یان وەرگرتنی زانیاری زیاتر لێیان.

٢- ڕوونکردنەوەی هەندێ زانیاری کە لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەدا هاتوون:

لەوانەیە هەندێ ووشەو زاراوەو زانیاری کە لە توێژینەوەکەدا هاتوون پێویستیان بە ڕوونکردنەوەو درێژەپێدانی زیاتر هەبێت بۆیە توێژەر ئەم کارە لە پەراوێزی توێژینەوەکەی ئەنجام دەدات.

٣- گەڕانەوەی خوێنەر بۆ شوێنێکی تر لە توێژینەوەکەدا:

لەوانەیە توێژەر بە باشی بزانێت سەرنجی خوێنەر بۆ بابەتێکی دیاریکراو ڕابکێشێت کە لە لاپەڕەکانی پێشوو یان دواتری توێژینەوەکەیدا هاتووەو پەیوەندی بە زانیاریەکانی ئەو لاپەڕەیە هەیە کە لە پەراوێزدا ئاماژەی بۆ دەکات.

لێرەشدا مەبەستی توێژەر ئەوەیە کە ئەو ئامانجانەی کە لە لاپەڕەکانی پێشوو یان دواتر پێی گەیشتووە دووبارەیان نەکاتەوە چونکە دووبارەکردنەوەی زانیاری کارێکی باش نیە هەرچەندە بەسوودیش بێت.

# بنەماکانی چۆنێتی ئاماژەکردن بە سەرچاوەکان

چۆنێتی ئاماژەکردن بە سەرچاوەکان بەگوێرەی جۆری سەرچاوەکە دەگۆڕێت، واتە لە کتێبەوە بۆ تێزی دکتۆرا بۆ ماستەرنامەو گۆڤارو و ماڵپەری ئینتەرنێت و چاوپێکەوتنو وانەوتنەوەی مامۆستایان تا دەگاتە قورئانی پیرۆز دەگۆڕێت بەم شێوەیەی خوارەوە کە لە بەردەم هەریەکێك لەو سەرچاوانەی خوارەوەدا هاتووە:

**قورئانی پیرۆز**:( سورەتی الاعراف ئایەتی/١٨١: ﴿وَمِمَّنْ خَلَقْنَا أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِالْحَقِّ وَبِهِ يَعْدِلُونَ﴾. )

**کتاب**: (- فەرهاد پیربال: ڕۆژنامەگەریی کوردی بە زمانی فەرەنسی، چاپی دووەم، لە بلاوکراوەکانی خەندان بۆ پەخشو وەشاندن، چاپخانەی شڤان، هەولێر، ٢٠٠٦،ل ١١.

٣- فەرهاد پیربال: ڕۆژنامەگەریی کوردی بە زمانی فەرەنسی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤. ).

**گۆڤــار**: (پ.د. عبـد الـرحمن رحـيم: الترابـط العـضوي مـابين حقـوق الانسان والديمقراطية، توێژینەوەیەکە بڵاوکراوەتەوە لە گۆڤاری کاروانی ئەکادیمی کە وەزارەتـی ڕۆشـنبیری حکەمـەتی هـەرێمی کوردسـتان بـە وەرزی دەری دەکات ، ساڵی یەکەم، ژمارە /٢، بەرگی یەکەم، بـەهاری ١٩٩٧،ل١١٨٠ )

**ماسـتەرنامەو تێــزی دکتــۆرا**: (- کـەمال سـەعدی مـستەفا: چوارچێوەی یاسـایی ئـازادیی ڕۆژنامەگـەریی لـە هـەرێمی کوردسـتانی عێراقــدا، تێــزی دکتــۆرا، کۆلێــژی یاســا- زانکــۆی ســەلاحەددین، ٢٠٠٣،ل٣٣٠).

**وانەی مامۆستایان**:( - پرۆفیسۆر د.مارف خەزنەدار: هەندێ وانـە لـەبارەی مێـژووی ئـەدەبی کوردییـەوە، بـۆ قوتابیـانی خوێنـدنی بـالاَ- دکتۆرا لە کۆلێژی زمان بەشی کوردی زانکـۆی سـەلاحەددین لـە کۆرسـی یەکەم ساڵی
خوێندنی ٢٠٠٨/٢٠٠٩ وتویەتیەوە.)

**چاوپێکەوتن**: (- چاوپێکەوتن لەگەڵ پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتـۆر عــەزیز گــەردی پــسپۆر لــە ئــەدەبی کــوردیو مامۆســتای زانکــۆی سەلاحەددین کۆلێژی زمان ڕۆژیت دووشەممە ڕێکەوتی ٢/٤/٢٠٠٩).

**ماڵپەڕە ئەنتەرنێت**: http :// w.w.w. UN . org . htm
9/10/2001

حقوق الإنسان: مجموعة صكوك دولية، المجلد الأول، الأمم المتحدة، نيويورك، ١٩٩٣، رقم المبيعA.94.XIV-Vol.1، Part 1، ص ١. مُتاح على العنوان الإلكتروني التالي:

-

*<http://www1.umn.edu/humanrts/arabic.ht*
*.(.2003m>(25.07*

# سەرچاوەکان

١- د.عصمت عبد المجيد بكر: اصول البحث القانوني، منشورات دار القادسية للطباعة والنشر، ط/١، بغداد، ١٩٨٢

٢- د. احمد شلبي: كيف تكتب بحثا أو رسالة، ط/١٦، منشورات مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٨٣.

٣- د. ذوقان عبيدات واخرون: البحث العلمي مفهومه وادواته واساليبه، ط/٥، منشورات دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، عمان، اردن، ١٩٩٦.

٤- طلعت همام: سين وجيم عن مناهج البحث العلمي، ط/١، منشورات دار العمار، عمان- الاردن، ١٩٨٤.

٥- د.محمد ازهر سعيد السماك: الاصول في البحث العلمي، ط/١، مطبوعات جامعة الموصل، ١٩٨٠.

٦_ بۆ فۆرمی ڕاپرسیەکان سوود لەو فۆرمانە وەرگیراوە کە لەلایەن قوتابیانەوە ئامادەکراوە وەکو بەشێك لە چالاکی زانستی ناو پۆل.

## ژیاننامەی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر کەمال سەعدی مستەفا

dr.kamal_56@yahoo.com ؛Email

M; 07504491658



- لە ساڵی ١٩٥٦ لە شاری هەولێر لە دایك بووە.

- لە ساڵی ١٩٨٩/١٩٨٨ کۆلێژی یاسای لە زانکۆی سەلاحەددین تەواوکردووەو بروانامەی بەکالۆریۆسی لە یاسا وەرگرتووە.

- لە ١٩٩٦/٥/٢١ بروانامەی ماستەری لە یاسا لە نامەی (( حق الملکیه الأدبیه والفنیه فی القانون العراقی والمقارن )) لە کۆلێژی یاساو رامیاری لە زانکۆی سەلاحەددین وەرگرتووە.

- لە ٢٠٠٣/٧/٧ بروانامەی دکتورای لە یاسا لە نامەی (( چوارچێوەی یاسایی ئازادی رۆژنامەگەری لە کوردستانی عێراقدا )) لە کۆلێژی یاساو رامیاری لە زانکۆی سەلاحەددین وەرگرتووە.

- لە ١٩٩٦/٦/٢٥ بە ناونیشانی (مامۆستای یاریدەدەر) لە کۆلێژی یاساو رامیاری زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر دەسبەکار بووە.

- لە ٢٠٠٣/٩/١٠ ناونیشانی زانستی گۆڕاوە بۆ (مامۆستا).

- لە ٢٠٠٣/٨/١٧ سەرپەرشتیکردنی یەکەی توێژینەوەی یاساییو رامیاری لە کۆلێژی یاساو رامیاری پێ سپێردراوە.

- لە ساڵی خوێندنی ١٩٩٩/٢٠٠٠ هەروەها ٢٠٠٠/٢٠٠١ هەروەها ٢٠٠١/ ٢٠٠٢ نوێنەری مامۆستایان بووە لە ئەنجومەنی کۆلێژی یاساو رامیاریدا.

- لە ٢٠٠٦/٩/١٠ ناونیشانی زانستی گۆڕاوە بۆ (پرۆفیسۆری یاریدەدەر).

- لە ٢٠٠٦/٢/١٢ بۆتە راگری کۆلێژی یاسا بە.

- له ۲۰۰٦/۷/۲۸ بۆته راگری کۆلێژی یاساو رامیاری دوای تێکەڵبوونەوەی کۆلێژی زانسته رامیاریەکان لەگەڵ کۆلێژی یاسا.

- له ۲۰۰۸/۲/۱۵ بۆته راگری کۆلێژی پەروەردە بۆ زانسته مرۆڤایەتیەکان.

## کتێبە چاپکراوەکانی له بواری یاسادا:

- لێکدانەوەی یاسای بەکرێدان.
- چەمکی ماف - چاپی یەکەم + چاپی دووەم.
- چەمکی یاسا.
- حقوق المؤلف.
- یاساو ماف.
- مافی دانەر - وەرگێران، هاوبەش.
- دەسەڵاتی چوارەم.
- یاسای رۆژنامەگەری.
- چوارچێوەی یاسایی ئازادی رۆژنامەگەری له کوردستانی عێراقدا.

- کتێبە چاپکراوەکانی له بواری ئەدەبدا:
- شەش کورتە چیرۆکی کوردی- هاوبەش.
- ون بوون- کۆمکەڵە چیرۆك.
- دەرگا کۆمەڵە چیرۆك.
- ترحێو - کۆمەڵە چیرۆك.
- رۆمانی سەعید زەبۆکی لای خۆمان.

**ناونیشانی ئەو ماستەر نامانەی سەرپەرشتی کردوون:**

١- کێشە یاساییە نێودەوڵەتیەکانی هەرێمەکان لە دەوڵەتی فیدرالیدا - ماستەر لە یاسا، لەلایەن قوتابی سۆران زانکۆی سەلاحەددین-کۆلێژی یاساو رامیاری ساڵی ٢٠٠٨.

٢- الحماية الدولية للنساء أثناء المنازعات المسلحة، ماستەر لە یاسا لەلایەن قوتابی امید محمد اسود ، زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی یاساورامیاری ساڵی ٢٠٠٧.

٣- تدويل حقوق الانسان، ماستەر لە یاسا لەلایەن قوتابی ناصر احمد يحى زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی یاساو رامیاری ساڵی ٢٠٠٦.

٤- حقوق المرأه العاملة فى المواثيق الدولية والتشريعات الداخلية، لەلایەن قوتابی ماجده على ملا صادق زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی یاساو رامیاری ساڵی ٢٠٠٨.

٥- اشكاليه الاجراءات الجنائية فى جرائم الكومبيوتر والانترنت، ماستەرنامەیەکە لە یاسای تاوانکاری لەلایەن قوتابی شیلان تحسين پێشکەش بە کۆلێژی یاساو رامیاری زانکۆی سەلاحەددین کراوە بە سەرپەرشتی ئێمە ساڵی ٢٠٠٩.

٦- حقوق المرأة السياسية فى المواثيق الدولية والتشريعات الوطنية - اقليم كوردستان العراق نموذجا، ماستەرنامەیەکە لە یاسای گشتی لەلایەن قوتابی شيرين ابراهيم فتاح لە کۆلێژی یاساو رامیاری زانکۆی سەلاحەددین ئێمە سەرپەرشتی دەکەین.

**لیژنەی تاوتۆی کردنی دکتۆرا نامانەی بەشداری کردوون:**

١- مقومات الدستور الديمقراطي واليات المدافعة عنها، سرهنك حميد صالح نامەی دکتۆرا لە یاسا زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی یاساو رامیاری ساڵی ٢٠٠٧.

٢- الاعلان عن الدوله، عبد الفتاح عبد الرزاق نامەی دکتۆرا زانکۆی سەلاحەددین -کۆلێژی

یاساو ڕامیاری ساڵی ۲۰۰۷،

۳- دور المثقفين في بناء المجتمع المدني ، سليم بطرس الياس نامەی دکتۆرا لە کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب ساڵی ۲۰۰۷ز.

**لیژنەی تاوتۆی کردنی ماستەر نامانەی بەشداری کردووە:**

۱- تمييز القرار الاداری من العمل التشريعي- سردار عماد الدين سعيد، ماستەر لە یاسا زانکۆی دهۆك- کۆلێژی یاساو ڕامیاری ساڵی ۲۰۰۸ (ئەندامی لیژنەی تاوتۆیکردن بووم).

۲- المجتمع المدنی والدولة إشكالية العلاقة زبير رسول احمد ماستەر لە زانستەکانی ڕامیاری زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی یاساو ڕامیاری ساڵی ۲۰۰۸. (ئەندامی لیژنەی تاوتویکردن بووم).

۳- پێگەی یاسایی جەنگاوەران لە یاسای مرۆیی نێو نەتەوەییدا، شڤان احمد عبد القادر، ماستەر لە یاسا زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی یاساو ڕامیاری ساڵی ۲۰۰۷ (سەرۆکی لیژنەی تاوتۆیکردن بووم).

٤- العقوبات الدولية الاقتصادية وأثرها على حقوق الانسان، ادريس قادر رسول ماستەر لە یاسا زانکۆی دهۆك- کۆلێژی یاساو ڕامیاری ساڵی ۲۰۰۸ (سەرۆکی لیژنەی تاوتۆیکردن بووم).

٥- أثر أزمات الخاصة على تعطيل الدساتير، محی الدين حسن يوسف ماستەر لە یاسا زانکۆی دهۆك- کۆلێژی یاساو ڕامیاری ساڵی ۲۰۰۸ (ئەندامی لیژنەی تاوتۆیکردن بووم).

٦- دور الامم المتحده فی حل المنازعات الدوليه والداخليه، اشنا احمد محمود ماستەر لە یاسا زانکۆی کۆیە کۆلێژی یاسا ساڵی ۲۰۰۸ (ئەندامی لیژنەی تاوتۆیکردن بووم).

٧- مبدأ المشاركه فى الدوله الفدراليه، لقمان عمر حسن ماستەر لە یاسا زانكۆی سەلاحەددین- كۆلێژی یاساو رامیاری ساڵی ٢٠٠٧. (ئەندامی لیژنەی تاوتوێكردن بووم).

٨- طبيعة الاتحاد الاوروبى، چواس حسن رسول ماستەر لە یاسا زانكۆی سەلاحەددین- كۆلێژی یاساو رامیاری ساڵی ٢٠٠٧ (سەرۆكی لیژنەی تاوتوێكردن بووم).

٩- التدابير الحدوديه لحمايه الملكيه الفكريه، شيروان هادى اسماعيل ماستەر لە یاسا زانكۆی سەلاحەددین- كۆلێژی یاساو رامیاری ساڵی ٢٠٠٧ (سەرۆكی لیژنەی تاوتوێكردن بووم).

١٠- الرقابه الماليه على تنفيذ الموازنه العامه فى القانون العراقى، ماستەر لە یاسا زانكۆی سەلاحەددین- كۆلێژی یاساو رامیاری ساڵی ٢٠٠٧ (سەرۆكی لیژنەی تاوتوێكردن بووم).

١١- التحكيم فى المنازعات المدنيه والشرعيه، تارا سعيد ماستەر لە یاسا زانكۆی سەلاحەددین- كۆلێژی یاساو رامیاری ساڵی ٢٠٠٥. (ئەندامی لیژنەی تاوتوێكردن بووم).

٢- تعين زمان ومكان انعقاد العقد الالكترونى وأثره فى تحديد الاختصاص القجائى الدولى، على عادل محمد ماستەر لە یاسا زانكۆی سەلاحەددین- كۆلێژی یاساو رامیاری ساڵی ٢٠٠٧. (ئەندامی لیژنەی تاوتوێكردن بووم).

١٣- تعديل الدستور فى الدوله الفدراليه، بيريڤان رمزى سعيد ماستەر لە یاسا زانكۆی سەلاحەددین- كۆلێژی یاساو رامیاری ساڵی ٢٠٠٦. (ئەندامی لیژنەی تاوتوێكردن بووم).

١٤- الارهاب الدولى ومظاهره القانونيه والسياسيه فى ضوء احكام القانون الدولى العام عثمان على حسن ماستەر لە یاسای گشتی زانكۆی سەلاحەددین- كۆلێژی یاساو رامیاری ساڵی ٢٠٠٥. (ئەندامی لیژنەی تاوتوێكردن بووم).

١٥- الحضانه فى قانون الاحوال الشخصيه العراقى والاتفاقيات الدوليه، هدى عصمت محمد امين ماستەر لە یاسای تایبەت زانكۆی سەلاحەددین- كۆلێژی یاساو رامیاری ساڵی ٢٠٠٥.

(ئەندامی لیژنەی تاوتوێکردن بووم).

١٦- النظام القضائي المختص بالاحداث في العراق، سردار عزيز حمدامين ماستەر لە یاسای گشتی زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی یاساو رامیاری ساڵی ٢٠٠٥. (ئەندامی لیژنەی تاوتوێکردن بووم).

١٧- اثر عولمة حقوق الانسان على مبدأ السيادة ، هیڤی امجد ماستەر لە یاسای گشتی زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی یاساو رامیاری ساڵی ٢٠٠٥. (ئەندامی لیژنەی تاوتوێکردن بووم).

١٨- تأثير قوانين الطواري في العراق على ضمانات المتهم في مرحله التحري وجمع الادله و التحقيق الابتدائي، بختيار غفور حمدامين لە یاسای گشتی زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی یاساو رامیاری ساڵی ٢٠٠٥. (ئەندامی لیژنەی تاوتوێکردن بووم).

# اصول
# البحث العلمي

اعداد

أ.م.د. كمال سعدي مصطفى